## ( بەش یەکــەم )

## هەولیر لە گەل کاروانەی فەلەك

چەند جار لە مەوبەر لە نامەوە پرتوك ونوسراوی تایبەتی وجاری تر لە هەندی وتار پەلاماری باس وهەوالی کونی هــەولیرم داوە لە ســـالانی رابوردو ، سەرو چاومی زانەکانم لە گەلی کات یاد ویرو باوری خوم بووە ـ چیم دیووە ـ وە بیستووە وە خویندووە دەرباری ئەم شــارە مەزنــە وەولاتەکەی هەر جاریك لاپەرەیکی تازە لە کوشەیەکی ئەم باسە دواوەم پاش لی کولینەوەیکی تەواو ـ وە هەردەم وەهەر کەرەتیك وام دیوە کەباس لــەم شارە وە رابوردەی لەتوانا نیە کە تواو بیت ـ وە هەر جاری ئەم باسە لێوە پوپی تازەی لی پیا بووە وەرواووەوە بوتە شایانی وەتاریکی تازە .

وئەم نوســراوە تازەم کە بە چەند بەش لەقەلم دراوە بەهیچ چوریك وە بەتایبەتی تی باس لەمێژووی شار وە کومەلایتی بەتواوی ناکات وە بوئــەم باسە تەرخان نەکراوە تەنها بە پیوستم زانی لەم زنجیرە باســە بــە کورتی رابوردەی ئەم شــارە وە ســەر گزشــتەی بو خوێندوارنی خوشــە ویست روشنای بکەم بی‌گومان بونی شاری هەولیر ئەگەرێتەوە پیش زاین بەشەش هەزار سال زیاتر ، وە لەو کاتەوە تا ایستە ئەم شارە هەر ئاوەدان بووە وە پر لە ژیان بووە وەگەلی نوســەرانی خو ولاتی وە بیگانە لایان وا دەر کەوتووە

